

# دەڕۆم بۆ ئەوەی لەگەڵ خواو، بەعسو جاشو خۆفرۆشان ئاشت ببمەوە!

یەکشەممە 28.10.2007
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

بەتێکڕا شتی زۆر سەیر لەنێو سەرکردەی وڵاتان، حکومەتەکانو پارتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست روودەدات، بەڵام لەهەموویان سەیرتر لەنێو سەرکردەکانی حکومەتو پارتەکانی باشووری کوردستانم.

زۆرجار بیستوومانە، پێشمەرگەی دێرین، زیندانە رامیارییەکان، هاوڕێیانی ماندوونەناسی رێکخستنە نهێنییەکانو کەسانی نیشتمانو نەتەوەپەروەری بێلایەنو بەهەڵوێست گلەیی خۆیان لە پارتەکانی نێو پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێم دەکەن. هەندێکیشمان دەڵێین تەنانەت ئەگەر شەهیدەکانیشمان زیندوو بکرێنەوە، لەرقی پارتو سەرکردەکانیان، نەک ئامادەنین جارێکیتر خۆیان بەکوشت بدەن، بەڵکو هەرگیز بەلای پارتایەتیدا ناچنەوە.

بەندە یەکێک لەو کەسانەم کە پەشیمانم رێگەی نووسینو هونەرم نەگرتە بەرو، لەپێناوی رامیاریدا قوربانیم بەنووسینو هونەری وێنەکێشاندا، کە لەڕێگای دووەمیانەوە دەمتوانی زۆرتر خزمەت بەنەتەوەو نیشتمانەکەم بکەم. ئەوانەی رێگای کوردایەتیو نیشتمانپەروەرییان گرتەبەر، خەباتو تێکۆشانی هەر هەموویان لەپێناوی کوردو کوردستانو خەڵکی ستەمدیدە بوو، هەروەها بەهاری تەمەنی خۆیان بەخشیو قوربانییان بەگیانی خۆیاندا، کەچی سەرکردەکان دڵسۆزی، پاکی، نیشتمانپەروەری، کوردایەتی، سادەو ساویلکەیی ئەو کەسانە یاخود ئەو هێزە لەبن نەهاتووەی گەلیان بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان بەکارهێنا.

سەرکردەکان فێرە مارکسییەتیان کردینو، ئامۆژگاری ئەوەیان دەکردین کە پەرتووکەکانی، مارکس، لینین، ئەنجلس، ماوتسی تۆنگ، هۆشی مینە، مانیڤێست، مادەی دیالەکتیک، سەرمایەی مارکس، بنچینەی جۆرەکان (اصل الانواع)، رژێمە ئابوورییەکانو سەدانو هەزاران پەرتووکی تر بخوێنینەوە، کەچی وا دەرکەوت خۆیان بەدزی ئێمەوە شەوانە قورئان، جزوی عەمە، مەولودنامە، ژیانی پێغەمبەرانو حەدیسەکانی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵایان دەخوێند. ئەوان وایان لەئێمە دەگەیاند کە ئایین لەنێوبەری گەلانە (الدین افیون الشعوب)، کەچی خۆیان بەنهێنی، نوێژەکانی رابردوویان قەڵڵا دەکردەوە، بەڕۆژو دەبوون، لەبری مانڤێست قورئانیان دەخوێندو دەچوونە خەلوەتەوە. ئەگینا چۆن ئاوا بەخێرایی (180) هەڵگەڕانەوە؟ چۆن بەو خێراییە دەستیانکرد بەنوێژکردنو، ئەو بەناو مارکسییانە بەشداری نوێژی بەکۆمەڵی هەینییان دەکەن؟ ئەی چۆن دەچن بۆ حەجو لەمەشیان لەلیستی ناوی حاجییەکان نۆرە بڕی لەدایکو باوکی شەهیدان دەکەن؟ ئەگەر وانییە بۆ دەچن بۆ عەمرە هێنانەوە؟ ئەگەر وانییە بۆ ئەو هەموو گوێرەکە، مانگا، مەڕو قەلە کران بەقوربانیو، ئەو هەموو نزا، پاڕانەوە، مەولودو نوێژە کرانو، ئەو هەموو نوقڵەیان لەبارەگاکانی پارتێکی بەناو سۆسیال دیموکراتی وەکو (ی.ن.ک) بەخشییەوە، تەنیا بۆ تەمەن درێژیو چاکبوونەوەی تاڵەبانی؟ ئەگەر ئێوە سۆسیال دیموکراتن، ئەی باوەڕبوونتان بەو شتە پڕووپووچانە یانی چی؟ ئەگەر موسڵمانیشن، دەزانن کە ئەجەل هات بەشتی وا ناگەڕێتەوە! ئەی بۆ مەڵبەندو کۆمیتەکان دەکەن بە مزگەوتو دەفی تیا دەکوتنو سەڵاوات لەدیداری (محەمەدی عارەبی) لێدەدەن لەپێناوی سەرۆکدا؟ ئەگەر پارت، حکومەتو پەرلەمان هی سەرۆک نییە، بۆ دەبێت هەمووی لەپێناوی ئەودا بەکاربهێنرێت؟

ئەوان داوای کوردایەتی، نیشتمانپەروەری، پاکیو قوربانیدانیان لەئێمە دەکرد، کەچی خۆیان لەژێرەوە بۆ

بەرژەوەندی تەسکی خۆیان ناپاکییان لەنەتەوەو نیشتمان دەکردو دەستیان تێکەڵ دەکرد لەگەڵ هەتیوانی بەعس، ئایەتوڵلا ملهوڕەکان، تۆرانییە فاشییەکانو نەوەکانی سەگە کوێر.

ئەوان بەئێمەیان دەگووت سازشکردن لەگەڵ دوژمنان مایەی سەرشۆڕییە بۆ کەسەکە خۆیو بنەماڵەکەیو، فێریان کردین رقمان لەدوژمنانی نەتەوەو نیشتمان بێتەوە، کەچی خۆیان فایلیان هەبوو لای دوژمنو چەندین جار دەمو لچی دوژمنانیان لێستبووەوە، کەچی ئەوکارە پڕ لەشەرمەزارییەیان نەبوو بەمایەی ریسوایی نە بۆخۆیانو نەبۆ بنەماڵەکەیان!

ئەوان داوایان لەئێمە دەکرد کە ، زمانپاک، دەستپاک، داوێنپاکو راستگۆبین لەنێو خۆو کۆمەڵداو خاڵ بەخاڵی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ جێبەجێ بکەین، کەچی خۆیان سەت دەر سەت پێچەوانەی پەیڕەوو پرۆگرامی پارتەکەی خۆیان رەفتاریان کرد. سەیرکەن ڤێلاکانیان، خانووە بەرزو دڵڕفێنەکانیان لەناو شارو لەسەر گردە بەرزەکانی دەرەوەی شاردا، کارگەو کۆمپانییەکانیان، بەنزینخانەو کاروانی ئۆتۆمۆبیلەکانیان، دۆستو دڵخوازی تەڕو ناسکو بڕی پارەی زۆریان لەبانکەکانی دەرەوەی وڵات، سەنگی مەحەکی دەستپاکی، دەمپاکی، داوێنپاکیو راستگۆیی ئەوان ساخ دەکاتەوە! دیارە ئەوان هەر لەزووەوە وەکو هەندێک بەناو کۆلکە مەلا دروشمی (بەقسەم بکە، بەکردەوەم مەکە)یان بەرزکردبووەوە، بەڵام تەنیا لەمێشکو دڵی خۆیاندا، بەبێ ئەوەی رایبگەیەنن!

ئەوان ئێمەیان فێردەکرد رقمان لەبەعس، جاش، ناپاکو خۆفرۆشان بێتەوە، کەچی دەرکەوت خۆیان هاوڕێی رێکخستنەکان بووینە لەگەڵ هەڤاڵ نزار خەزرەجی، هاوڕێ سوڵتان هاشم، هاوڕێ وەفیق سامەرائی، هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجیدو چەندین هەڤاڵو هاوڕێی راوێژکاری فەوجە سووکەکانو فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکانی ئەمن ئیستخباراتی رژێم، کە ئێستاشی لەگەڵ دابێ، ئەگەر شەوانە چەند پێکێک لەگەڵ ئەو خۆفرۆشو ئەنفالچییانەدا نەخۆنەوە خەویان لێناکەوێت (هەروەکو بڵێی ئەو جۆرە کەسانە ڤالیۆم بن بۆ ئەوانو، بەبێ ئەوان خەو نەچێتە چاوەکانیانەوە).

نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، کۆمەڵێک کادیری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەکۆنفرانسی سێی کۆمەڵەدا کە لە (12.7–22.7.1984) لە ناوچەی (مێرگەپان)ی نێوان چیاکانی پیرەمەگروونو دابان بەسترا، رەخنەی ئەوەیان لە (نەشیروان مستەفا)ی سکرتێری کۆمەڵە گرت لەسەر ئەوەی کە گوایا ئەو باسی ئەوەی کردووە کە باوەڕی بە مارکسیەتو کۆمۆنیزم نییە. ئەوکاتی نەوشیروان مستەفا ئەوەی بە بوختانێکی ئێراقچییەکان ناوبرد، کەچی دوای (13) ساڵو، لە لاپەڕە (172)ی پەرتووکی (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ – دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1974–1978)دا، دان بەڕاستییەکەدا دەنێتو نووسیوێتی: (من باوەڕم بە کۆمۆنیزم نییە). زۆر ئاساییە، کەسێک باوەڕی بەمارکسییەت نەبێت یاخود شێخ، ئاغاو مەلا بێت کەچی بەرپرسی یەکەمی پارتێکی مارکسی لینینی بێت، یان بەپێچەوانە مارکسی بێتو رێبەری پارتێکی ئیسلامی بێت لە کوردستانی ئێمەدا.

هەر بۆیە ئەگەر رۆژێک بینیتان دەستم بەرز کردبووەو چاوم لەئاسمان بڕیبوو، هیچ بەلاتانەوە سەیر نەبێت، ئەوە تۆبەم کردوەو لەخوا دەپاڕێمەوە کە لەبێ باوەڕیم خۆشبێت. بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر رۆژێک لەبەردەم مزگەوتێکدا بەخۆمو تەزبیحێکی (101) دەنکی منتان بینی، چونکە دەمەوێت تۆڵەی رابردوو بکەمەوەو نوێژەکانی رابردووم گشتی قەڵلا بکەمەوەو زیکرو تەهلیلەش بەتەزبێحەکەم دەکەم. بەلاتانەوە سەیر نەبێت

ئەگەر رۆژێک لەفڕۆکەخانەیەکدا بەغاردان هاتمو شانم بەرشانی یەکێکتان کەوت، چونکە دەمەوێت بەوەو سعودیەی عارەبی بفڕمو بەحەجی داهاتوو رابگەمو دواتریش عومرە بێنمەوە. شۆک نەتانگرێت ئەگەر رۆژێک لەڕۆژان لەبەردەم دادگایەکدا لەگەڵ کچێک، دوان یان سێ کچ یان بێوەژن بەیەکجار بینیمتان، چونکە تەنیا یەک ژنم هەیەو دەمەوێت بیکەم بەچوارو گۆشەیەک (روکنێک) لەگۆشەکانی ئیسلام تەواو بکەم (خۆ منیش زۆر حەزم لەفرە ژنییە). بەلاتانەوە سەیر نەبێت، ئەگەر رۆژێک لەڕۆژان هاتمەوە لەسەر چیاکانی کوردستانەوە دەستم کرد بە بەرد کۆکردنەوە بۆ ئەهریمەن (شەیتان) رەجم کردن کە هەر لەوێوە دەستی پێدەکەم. ئەمانە هەمووی لەپێناوی ئاشتبوونەوەمە لەگەڵ خوادا، چونکە نەوەک بەهەشت هەبێتو دواتر هەم لەسەر زەمینو هەم لەژێر زەمینیش لەپاداشتو خۆشییەکان بێبەش ببم، هەرنا بەلای کەمەوە با (72) حۆرییەکەو چەندین غوڵامی لووسکەی جوانو شەرابەن تەهورەنم بەرکەوێ (خۆ من زۆر شەیدای ژنی قەشەنگو خواردنەوەی شەرابی هەنارم، جا حۆریش هەر مەپرسە)، نەوەک دوایی هەم لێرە بەئاگری سەرکردەو لەوێش بەئاگری خوا بسووتێم، نەبادا لێرە بەقامچیو کێبلی جەللادان دارکاری بکرێمو، لەوێش هەر هەمان جەللاد دارکاریم بکاتو فرێمداتە دۆزەخەوە!

دڵتان نەڕەنجێو سەرتان سووڕ نەمێنی، ئەگەر ئەوجارە هاتمەوەو بینیتان یان بیستتان لەگەڵ عزەت دوری، ئەرشەد زێباری، جەوهەر هەرکیو چەندین کەسانی تری سەر بە میتی تورکیو ئیتلاعاتی ئێرانی کۆبوومەوە یان قۆڵ لەناو قۆڵ لەگەڵیاندا یەکە بەیەکەی شەقام، کۆڵان، گەڕەک، گوندو شارەکانی کوردستاندا گەڕام، یان لەسەر یەک مێزی خواردنەوە دانیشتم، چونکە لەلایەک دەمەوێت پۆستێکی گەورە لەحکومەت، پەرلەمان یاخود پارت وەرگرم، بەبێ پشتیوانی ئەوانیش هەرگیز ناتوانم پۆستێکی ئاوا وەرگرم، هەروەها لەلایەکی تریشەوە خۆ ئەوانیش هەر هاوڕێو هەڤاڵانی رێکخستنەکانی خۆمانن، بەڵام هەلومەرجی ئێستاو خەباتی نهێنی ئەوان رێگە نادات جارێ سەرکردایەتی کورد پەیوەندییەکانی ئەوان ئاشکرا بکات! ئەی نەتانبینی چۆن لەکاتی پێویستدا خەباتی هاوڕێ سوڵتانو هەڤاڵ خەزرەجی راگەیەنران؟

سەیرەو زۆر سەیرە، هاوینی ساڵی (1983) بوو، ئەوکاتە بەندە مامۆستای قووتابخانەی گوندی (خەتێ) بووم لەدۆڵی خۆشناوەتی (ئالانە). دوای لێدانی بەرەی جودو دەرکردنیان لەو دۆڵەدا، مام جەلال بۆ ماوەی چەند مانگێک بارەگای هێنایە ئەو گوندە. رۆژێک بەندەش لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی گوندەکە چووین بۆ بەخێرهێنانی مام جەلال. سەردانەکەمان بۆلای ئەو دوای کۆبوونەوە فراوانەکەی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە خەتێ کە بە (کۆبوونەوەی فراوانی (خەتێ)ی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ناسراوەو، تەواوی کۆبوونەوەکە کە بەدەنگی (مام جەلال)ەو لەسەر سێ کاسێت تۆمارکرابوو، بەندەش کۆپییەکی ئەو کۆبوونەوەیەی دەست کەوتبوو. دوای بەخێرهێنانو چاکو چۆنیو تۆزێک دانیشت، باس هاتە سەر کۆبوونەوە فراوانەکەی خەتێو، باسی ئەوەم لەگەڵ مام جەلال کرد کە لە کاسێتەکەدا دەڵێت: (ئێمەو عارەب تەنانەت خواشمان لەگەڵ یەک جیایە، چۆن دەتوانین لەگەڵ ئەواندا بژین؟ ئاخر مرۆڤ هەر لەداخی تەلەفزیۆن کە هەردەم سەددام نیشاندەدات شۆڕش دەکات. دەڵێن زۆر گووتن قورئان خۆشە، بەڵام وەڵڵاهی وا نییە، دەبێنەو هەردەم گوێ لە قورئان بگرە، بزانە بێزار دەبیت یان نا؟). مام جەلال گووتی: (بەڵێ وایە، ئەمانە هەر هەمووی راستین). دواتر مام جەلال درێژەی دایو گووتی: (من تێناگەمو نازانم، چۆن سەددام شەرم لەخۆی ناکات کە لەژێر وێنەکەی خۆی دادەنیشێتو قسە بۆ خەڵک دەکات؟ چۆن دەبێت سەرکردە لەژێر وێنەی خۆیدا دانیشێت؟ یان چۆن دەبێت سەرکردە هەوڵبدات خزمو کەسو بنەماڵە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە؟ بەس نییە ئەو هەموو کەسەی خۆی لەبرا، برازا، ئامۆزا، ئامۆزازا، مام، خێڵو بنەماڵەکەی لەبەعسو حکومەت کۆکردۆتەوە؟ چۆن شەرم دایناگرێت ئەو هەموو سروودو هۆنراوە پیاهەڵدانە بێمانایەی لەبەردەم

خۆیدا بۆ دەخوێننەوەو ئەویش ها...ها پێدەکەنێ؟ من ئەو شتانەی سەددام دەیکات، زۆر پێم شەرمەو هەرگیز نایانکەم، نە ئێستاو نە لەدوارۆژیشدا! هەرکاتێکیش تەمەنم بگاتە (65) ساڵ واز لە زرنگکاری (سیاسەت) دێنم! خۆ ئەگەر رۆژێکیش دابێت بگەینەوە شار جا لەئەنجامی گفتوگۆدا بێت یان رووخانی رژێم، ئەوە هەر لەهەموو شتێک دووردەکەومەوەو واز دێنم). ئەو قسانەی مام جەلال (ببوورن بەرێز سەرۆک هەڤاڵ مام جەلال نەوەک ئەندامو دۆستانی ی.ن.ک لێم زوویر بن) بۆ خوێنەران جێدێڵم هەڵیان سەنگێنی، بۆئەوەی بزانن تاچەند جێبەجێی کردوون!

**تێبینی: پێم وانییە تەواوی بەرپرسانی کوردستان لەحکومەت. پەرلەمانو پارتەکاندا کەسانی خراپ بن. نامەوێت رەشو سپی تێکەڵ بکەم. ئێستاش پێموایە کەسانی دڵسۆز. دەستپاك. داوێنپاك. دەمپاك. بەهەڵوێستو ویژدان زیندوو هەنو زۆرن. بەڵام خراپەکان زۆرترنو دیارترن.**